


شاری ڕووناکی زەردەشت

لە ڕاپۆرتی گاتاکانەوە

21890

د. حوسێن وەحیدی

وەرگێڕانی بۆ کوردی: حەمەی کەریمی

Preview sample - page 1 of 5 - Soran University Academic Digital Library



ناوی کتێب: شاری ڕووناکی زەردەشت لە ڕاپۆرتی گاتاکانەوە
نووسەر: دکتۆر حوسێن وەحیدی
وەرگێڕ: حەمەی کەریمی
دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ئومێد محەمەد
تیراژ: ١٠٠٠دانە
نرخ: ٤٠٠٠ دینار
ژمارەی سپاردن: ١٩٠٨
سەرپەرشتیاری زنجیرە کتێبەکان: بەختیار سەعید
سەرپەرشتیاری چاپ: مژدە عەباس

سوودو سەرمایەی ئەم بلاوکراوانە بۆ کەسوکاری شەهیدان و ئەنفال کراوانە.
مافی چاپکردنەوەی بۆ دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان پارێزراوە.

Preview sample - page 2 of 5 - Soran University Academic Digital Library

دەسپێکی وەرگێڕ

فەلسەفەو ئەندێشەکانی زەردەشت.ی بیرمەند، لە یاداشتێکی کورتدا

زەردەشت پێغەمبەری گەورەی ئاریاییەکان، یەکێك لەو بیرمەندە بلیمەتانەی جیهانە کە تاکوو ئێستاش فەلسەفەو ئەندێشەو تیۆر و بۆچوونەکانی لەسەر ئەندێشەو فەلسەفەی دەیان بیرمەندو زانای وەکوو نیچە و بیرمەندانی هاوچەرخیش کاریگەریی هەبووە وە هەیە.

ئەندێشەو فەلسەفەو جیهانبینی زەردەشت لەسەردەمی کۆنەوە تاکوو ئێستا جێگای بایەخ و سەرنجی زانایان و بیرمەندانی جیهان بووە، زەردەشت لە فەلسەفە و جیهانبینی خۆیدا پێی وابوو، خودی ژیان وەکوو سێنتزێك بەرهەمی پێکدادانی دوو چەمکی پارادۆکس و دژبەیەکە، ئەم دووچەمکە کەهەمزادی یەکترن، بریتین لە ، چاکە وخراپە. بناغەی بزوتن وگۆڕان و هەموو جوولەیەك لە ژیاندا لە پێکدادانی ئەم دوو چەمکەوەیە. ئەمەش هیچ پێوەندییەکی بە زاتی خوداوە نیە، بەڵکوو یاسایەکی سروشتییە. لە فەلسەفەو ئایینی زەردەشتدا، بەهەشت ودوزخێك بوونی نیە، چەمکی بەهەشت کە چەمکێکی کۆنکرێتی موژدەبەخش وپاڵنەری پراکتیزەکردنی پرۆگرام وفەلسەفەو مورالی تەواوی ئایینەکانە، لە ئایینی زەردەشتدا دەبێتە پاڵنەری مرۆڤ بۆ پراکتیزەکردنی ئەندێشە وئاوەزخوازی لە ژیاندا، و لە سێ چەمکی، ئەندێشەی چاك، گوتاری چاك، کرداری چاکدا کۆدەبێتەوە.

دۆزەخیش بە هەمان شێوە لە ئایینی زەردەشتدا بە مانای ژیانی خراپە. دۆزخ شوێنی درۆیە، شوێنێکە خەڵك لەپێناو بەرژەوەندییەکانیان لەگەڵ خۆیان و ئەوانیتردا درۆدەکەن. شوێنی تووڕەیی و رق وئێرەیی وهتدە.....

Preview sample - page 3 of 5 - Soran University Academic Digital Library

زەردەشت پێی وایە لەسروشتی مرۆڤەکاندا هەم چاکە هەیە وهەمیش خراپە.
خودا مرۆڤی بەشێوەیەکی ئازاد و سەربەست و خاوەن بریار دروستکردوە. کەسی بەئاوەز، لە نێوان خێر و شەڕدا (چاکە و خراپە) چاکە هەڵدەبژێرێ، نەک خراپە و دەبێتە شوێنکەوتوو و پەیڕەوی .سپنتامینۆ. (ئەهوورامەزدا) نەک . ئەنگرمینۆ. (ئەهریمەن).
زەردەشت ج وەک پەیامنێرێکی یەزدانی و ج وەک چاکەخوازێکی کۆمەڵایەتی و هاوکات بیرمەند و زانایەکی بەئاوەز لەدژی هەموجۆرە باوەڕێکی دۆگم و فاشیانە و هەموو بیرێکی تاریک ئەندیشی سەردەمی خۆی راپەڕی و قوربانیکردن و هەرچەشنە ئایدیایەکی پۆپۆلیستیانەی پێشکەشی بۆ فەرمانڕەواکان و دەسەڵاتدارانی سەردەم و پێدانی پوان و باج وخەراج بە . کاویەکان. و. کرپانەکان.ی بە کرداری 'ئەنگرمینۆ.(ئەهریمەن) دەزانی و پەرستن و بەندایەتی یەزدانی لە ڕێگای خزمەتکردن بە گەل و پەیڕەوی لە سێ بنەمای ، ' ئەندێشە وگوتار و کرداری چاک. پێناسە دەکات. هەرچەندە زۆربەی ئەو توێژ و تاقم وگرووپە کۆمەڵایەتیانەی کە بەرژەوەندی خۆیان لە مەترسیدا دەبینیەوە لەدژی زەردەشت ڕاپەڕین، بەڵام زەردەشت بە خۆڕاگری و بەرخۆدان هەتا گەیشتن بە ئامانجەکانی خەباتی کرد.
سەبارەت بە ژیانی زەردەشت بە پێی بەڵگە و دەسنووسەکان زانیارییەکی ئەوتۆ لەبەر دەستدا نیە، بەڵام بە پێی توێژینەوەی نووسەران و مێژوونասان، زەردەشت لەنیوان ١٥٠٠ تا ٣٠٠٠ ی بەر لەزایین ژیاوە. سروودەکانی زەردەشت کە لە نێو تەواوی دەقە ئاینییەکانی جیهاندا دیار و جیاوازە، بە .گاپە. کان ناوبراوە. .گاپ.ە سروودێکە بە دەقێگی خۆش و دڵڕفێن دەیڵێنەوە و حەفدە بڕگەیە. .گاپاکان. لە نێو ئەڤێستادا بنەمایەکی بەهێزە و پێوەندیی بە فەلسەفە و جیهانبینی زەردەشتەوە هەیە.
بەم یاداشتە زۆر کورتەوە دەمەوێ بڵێم زەردەشت ج وەک بیرمەند و ئەندێشمەند وج وەک هەڵگری پرۆگرامێکی ئایینی بە پێی بەڵگە مێژوونییەکان، ئایینی ئەو بە یەکەمین و هاوکات کۆنترین ئایینی کوردی

Preview sample - page 4 of 5 - Soran University Academic Digital Library

مەزەندە کراوە، بەڵام وەکوو ئاگادارین، ئایینی زەردەشت ئەوەندەی ئایینەکانیتر لەشەقامی کوردیدا گرنگی پێنەدراوە و نادرێت. ئەو خەروارە کتێب و نووسراونەی نە لە ڕووی فکری و ڕەخنەییەوە ،(مەبەستم خوێندنەوەی ڕەخنەگرانەی خۆدی ئایینەکان و فەلسەفە و چیەتی ئەوانە)، بەڵکو لە بواری ستایش و لێکۆڵینەوەی ستایشگرانەی ئایینەکانەوە بە تایبەت ئایینی ئیسلام بوونی هەیە، بێگومان نیو ئەوەندەی ئەمە لە سەر ئاینی ،زەردەشت. و مانی و مەزدەك کە بە پێی بەڵگە و دیکۆمێنتارە مێژوویییەکان، ڕەسەنترین و گشتگیرترین ئایینی کوردن، کار نەکراوە، ج وەك لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی دیکۆمێنتاری و ج وەك ڕەخنە و خوێندنەوەی فکری و فەلسەفی و مێژوویی.

کتێبخانەی کوردی وەکوو لە زۆر بواریترا هەژار و لاوازە، لاواز و پەککەوتەیە ، بەمەوە پێویستە نووسەران وتوێژەرانی کورد بە خوێندنەوە ولێکۆڵینەوی وردی زانستی وبە نووسین و وەرگێرانی بابەتی فکری و مێژوویی سەبارەت بە ئایینە کۆنەکان، بە تایبەت ئایینی زەردەشت و مانی ومەزدەك و یارسان و هتد لە هەموو تواناو ئیمکانیەتەکان کەلك وەربگرن بۆ بووژانەوە و گەشەپێدانی کتێبخانەی کوردی.

بەمەوە بە پێویستم زانی ئەن کتێبەی، شاری ڕووناکی زەردەشت لەڕاپۆرتی گاتەکانەوە . لە نووسینی بەڕێز دکتۆر ،حوسین وەحیدی، کە لە واقیعدا خوێندنەوە و وەرگێڕانێکی مێژوویییە لە ساتەوەختی سەرهەڵدان و گەشەکردنی ئەم ئایینە، وەربگێڕمە سەر زمانی کوردی. ئەگەر چی دڵنیام ئەم کارە خاڵی نییە لە کەموکورتی، بۆیە داوادەکەم خوێنەرانی ئازیز هەرچەشنە کەموکورتییەکیان بەرچاو دەکەوێت ئاگادارم بکەنەوە. هیوادارم بەم کارە توانبێتم سوودێکم بە بووژانەوەی کتێبخانەی کوردی گەیاندبێت .

حەمەی کەریمی پووشپەڕی ١٣٩٢ هەتاوی

Preview sample - page 5 of 5 - Soran University Academic Digital Library